**بەرەو ڕووناکی**

جگە لە سەروتار سەرجەم بابەتەکانی تر خاوەنەکانی لێی بەرپرسن.

سەرنووسەر

سالم محمەد

ژمارە ٤ | ٢٠٢٠/٦/١١ | ڕۆژی پێنج شەمە


# بزووتنەوەی گۆڕان و بەیاننامە


بزووتنەوەی گۆڕان چی کرد؟

سەلام کامەران

لاپەرە ٤

بژین ئەوانەی ئاڵای گۆڕانیان بەرز ڕاگرتوە

ڕێبوار ئەحمەد

لاپەرە ٥

## سەروتار

بزووتنەوەی گۆڕان و بەیاننامە

سالم محەمەد

وەک ئاشکرایە هەموو حیزبێکی سیاسی  مەدەنی کە دێتە گۆڕەپانی سیاسیەوە پێویستە بەبەردەوامی لەسەر پرسی ڕۆژ و قەیرانەکانی وڵات و بۆچوون و بەیاننامە و هەڵوێستی ڕوونی هەبێت و بێدەنگ نەبێت، لە کوردستانیش چ حیزبە مەدەنیەکان و چ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کە یەکێتی و پارتین بە بەردەوامی بەیاننامە و بۆچوونی خۆیان هەبووە.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە خەڵکانێکی ئاراستەکراوی سەربەی یەکێتی و پارتی بەمەبەست هێرشدەکەنە سەربزووتنەوەی گۆڕان و دەڵێن کاری بۆتە دەرکردنی بەیاننامە پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بەیاننامە بۆ هەموو حیزبەکان ئاسایە وەک هەڵوێست حیزبی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت بەڵام بۆ بزووتنەوەی گۆڕان حەرامە؟ ئەگەر ئەم قسانە لەو ڕوانگەیەوە بن کە چاوەڕیی جوڵاندنی شەقام بکرێت لە لایەن گۆڕانەوە بە پێویستی ئەزانم بڵێم ئەرێ چ ڕێگایەکی مەدەنی وەک مانگرتن بایکۆتی دەوامی فەرمانبەران بایکۆتی خوێندن بایکۆتی خوێنکارانی زانکۆ هەوڵدان بۆ داخستنی دوکان و شوینەکارەکانیان لە لایەن هاوڵاتیانەوە بە شێوەی کاتی لە پێناو دروستکردنی فشار بۆ سەر دەسەڵات خۆپیشاندان هەبوو بزووتنەوەی گۆران بەکاری نەهێنابێ؟ دەرئەنجامی هەموو ئەمانە ئەوەبوو هەڵسوراوان و گۆڕانخوازان ڕووبەڕووی هەرەشە و ترس تۆقاندن بوونەوە و نانبڕاوکران و هەتا ئێستاشی لەسەر بێت ئەگەر هەلێکی کارکردن هەبێت لە کۆمپانیایەک یاخود کارگەیەک یان فەرمانگەیەک هەبێت بزانن گۆڕانە ناهێڵن  دامەزرێت.

هەر ئەوانەی ئێستا ڕەخنە لە گۆڕان دەگرن بەوەی کە تەنها هەڵوێستەکانیان لە بەیاننامەکان تێپەرناکات ئەوکەسانە بوون کە لەکاتی ئۆپۆزسیۆنبووندا گۆرانیان بەوە تۆمەتباردەکرد ئاژاوەگێڕەن و ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەخەنە مەترسیەوە ژیانی ئاسایی خەڵکیان شیواندوە، کە هەموو ئەمانە دەیسەلمینن ئەم قسانە هیچ بەهایەکیان نیە چونکە ئەو کەسانەی ئەم ڕەخنانە دەگرن لە کۆمەڵیک کۆیلەی حیزب و بندیوار  لەبزووتنەوەی گۆران دەستەکەی کەشفکردن و هەتا دوا هەناسە ئەم بزووتنەوەیە بەردەوام دەبێت دژی ئەم  ناداديەی کە ئەوان سودمەندبوون لێی ،وەک مشەخۆرێک بەسەر جەستەی هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدانەوە دەژین.

# لە ناو هەندێ لە زیندانەکانی هەرێم چی دەگوزەرێ



ڕەوەند عبدللە حمە / بەریتانیا

ئەگەر سەیری ڕوداوەکان بکەین لەماوەی ڕابردوو دا لە ناو هەندێ زیندانەکانی هەرێم ڕویان داوە ، بە کۆمڵێ شێوازی زۆر دڕندانە زیندانیان ئەشکەنجە دراون و یان کوژراون ئەوا بۆمان دەر دەکەوێت کاربەدەستانی حزبی بێ گەڕانەوە بۆ فەرمای دادوەر لە چوارچێوەی کارو چالاکییەکانی هەردوو حزبی دەسەڵات دا ئەو کارەشیان ئەنجام داوەو دور لە ڕێساو یاسا نێو دەوڵەتیەکانی گرتوخانەکان و ما فەکانی مرۆڤ زۆر بەشێوەیەکی دڕندانە زیندانیانیان ئەشکەنجە یان کوشتویانن و دواتر ڕاگەیاندەکانی حزەکەی خۆیان تەرخان کردوون بۆ پەردەپۆش کردنی و هەڵخەڵەتاندنی هاوڵاتیان لە ڕاگەیاندنەکانەوە ڕای دەگەیەنن کە گوایە ئەو زیندانییەی کا کوژراوە ، خۆی خۆی کوشتووە و یان هەوڵی ڕاکردنی داوە و ئەمانیش بەبیانوی ئەوەوە زۆر هەوڵیان داوە بۆیان نەگیراوەو دواتر بەو شێوەیە کوژراوە. سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان چەندین بە ڵگەی زیندوی خستۆتە ڕوو کە نامەی لە ناو هەندێ زیندانەکانی هەرێم پێگەیشتووە ، لەم سەردەمی بە ناو دیموکراسی و ئاشتی و ئارام ییەی هەردوو حزبی دەسەڵات بانگەشەی بۆ دەکەن لە کلێنس دا ، نا مەیان بۆناردووە و ئەوەیان پشتڕاس کردۆتەوە کە زیندانیەکان ، بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر دور لە مافەکانی مرۆڤ ئەشگەنجە دەدەن ، جۆری ئەشکەنجەکانیش بریتین لە لێدان بە کێبڵ و لێدان بە کارەبا و فەلاقەو هەڵواسین بەقاچ و خستنەناو سندوقی مەرگ و وە هەروەها دەرهێنانی نینۆکەکان بە گاز و پلایس و خستنەناو بەفر و خوێ و وەلێدانی ئوتوو لە جەستەی گرتوو واننوو ، هەندێکیان تا ئستاش ئازاری کاوییە بەجەستەیانەوەماوە و ئەم جۆرە ئەشکەنجانە بە بەڵگەوە نێردراوە ، بۆ زیاتر دڵنیابوون ئەو بنەماڵانەی کە کەسێکیان گیراو بوو بێت لە گرتووخانەکانی پارتی و یەکێتی ، ئەوان پشتڕاسی دەکەنەوە و ئەوان زیاتر دەزانن چی دەگوزەرێ لە ناو گرتووخانەکانی پارتی و یەکێتی ، وە ڕێخراوی هارد لاند ئەلایسی ئەمەریکی ڕاپۆرتی خۆی لەساڵانی ڕابردوودا بڵاو کردۆتەوە ، لە زاری زیندانیانەوە لە گرتووخانەکانی هەرێم هەموو ئەو جۆری ئازار و ئەشکەنجە دانانە یان پشت ڕاسکردۆتەوە ئە مانەش هەمووی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە مافەکانی مرۆڤ چۆن پێشێل دەکرێن لە سایەی حوکمی بەناو دیموکراسی پارتی و یەکێتی دا . یە کێتر لەوکارانەی پارتی و یەکێتی ئەنجامی دەدەن سیناریۆ دروست کردنە بۆ زیندانیان بە بێ ئەوەی ئەو کارەیان ئەنجام دابێ سیناریۆیەکی بۆ زیندانییەکە دروست دەکەن و دەیکوژن ، کەواتە ژیان لە ژێر سایەی ئەم جۆرە حوکوم ڕانییەی پارتی و یەکێتی دا هیچ کات ئاسای نییە ، مرۆڤ هیچ گرنتییەکی نییە بۆ مانەوە لەژیان بە تایبەت ئەوانەی خۆیان نەفرۆش تووە بە پارە و سەروەت و سامان و کۆیلایەتی یان هەڵنەبژاردووە لە بەر ئەوەی هەر کات و ساتێک پارتی و یەکێتی هەرکەسێکیان بوێت دەیگرن و دەیگوژن و دواتر سیناریۆیەکی بۆ دروست دەکەن و بە تایبەت ڕۆژنامە نوسان بەڵ گەش چەندین ڕۆژنامەنوس دەسگیر کراون و یان کوژراون و دواتر سیناریۆ یەکیان بۆ دروست کردووە و بە توان بار لە قەڵەم یان داون ، کەواتە ئەو ئاشتی و ئارامییەی کە باس دەکرا ، جگە لە درۆ یەکی گەورە هیچی تر نە بوو ، بۆیە ژیان لەژێر دەسەڵاتی حوکمی پارتی و یەکێتی هیج کات سەلامەت نییە ، مرۆڤ بۆ ئەوەی سەلامەت بێت دەبێت دوور بکەوێ تۆ لە جۆرە حوکمەتێکی وە ها کە لە لایەن دوو حزبی وەک پارتی و یەکێتی وە بە ڕێوە برێت ، لە بەر ئەوەی کات و ساتی نییە هەر دەقەو چرکەو ساتێک هەر کەسێکیان مەبەسە بێت دەیگرن و دواتر هەموو جۆرە ئەشگەنجەیەکی دەدەن و ئەگەر بیانەوێت دەیشی کوژن ، دواتر بە هۆکاری زۆر لاواز دەهێننەوە بۆ کوشتنەکەی.

## بزووتنەوەی گۆڕان چی کرد؟

**سەلام کامەران**



بزووتنەوەی گۆڕان هەمووانی فێری ڕەخنە کرد.

بزووتنەوەی گۆران هەموو ڕێگایەکی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان کردە سەرمەشقی خەباتی سیاسی

بزووتنەوەی گۆڕان هەموانی فێرکرد ئەکرێت چەکداریش نەبێت و بەدەنگی زولاڵ قسەبکەیت و سیاسەت بکەی.

بزووتنەوەی گۆران هەمووانی فیرکرد لەوە تێبگەن ئەو کوردایەتیەی یەکێتی وپارتی دەیکەن گیرفان پرکردنە، نەک نیشتمان پەروەری.

بزووتنەوەی گۆڕان هەموو بتە سیاسیەکانی شکاند.

بزووتنەوەی گۆڕان مرۆڤی خاوەن کەرامەتی دروستکرد کە بوێری ئەوەی هەبێت بەرامبەر هەموو سیاسیەک قسەی خۆی بکات و داوای مافەکانی بکات.

بزووتنەوەی گۆڕان بۆنە و یادە نیشتمانیەکانی کردەوە مولکی خەڵک نەک حیزب وشەخس.

بزووتنەوەی گۆڕان هەمووانی فێرکرد سیاسەت کرد لەبارەگای حیزبە نەک داموو دەزگای دەوڵەت.

بزووتنەوەی گۆڕان ژیانی فیرعەون ئاسای بەرپرسانی بۆ هەموان ئاشکرا کرد و پێی وتین ئەوە تۆی هاولاتیت شایستەی ژیانێکی تایبەتی کە ماف و کەرامەتی تیا پارێزراوبێت نەک کەسانی گەندەڵ و بوودەڵە.

# بژین ئەوانەی ئاڵای گۆڕانیان بەرز ڕاگرتوە



ڕێبوار ئەحمەد

هەربژین ئەوانەی ئاڵای گۆڕانیان بەرز ڕاگرتوەو دژی هەموو نادادیەک دەنگی حەقبێژیان بەرزەکەنەوەو هەڵوێستی انسانی و نیشتیمانی و مەردایەتیان دەردەخەن و بێباکانە بەرامبەر هەموو جومگەیەکی حوکمڕانی نادروست دەوەستنەوە.

تۆ کە گۆڕانی و پەیامی گۆڕانت هەڵگرتوەو لەخەمی گشتی دای وەهموو غەدرو نارێکیەکانی ئەم هەرێمە ڕۆژانە ویژدان و هزر و دڵت ئازاردەدات و بەردەوام فشاری زوڵمت لەسەرە ئەوادڵنییە تۆ کەخوت بەبەرپرسیاردەزانی بەرامبەر وخواوخەڵک و وڵات ئەو تۆ پیاوێکی جوانو بەهەڵوێست و لەبەرەی دیفاع لەمافی خوراوی خڵکیت و زورلەوە گەورەتریت کە بەشوێن بەرژەوەندی شەخسیەوە بیت.

بەڵکوو ژیان و ووزەو تواناو پیشەو شارەزایی و کاتی پیرۆزو بروانامەکەت بو خزمەتی خەڵک و وڵات و گۆڕان و تەرخان کردوە؟

لەکاتێکدا ئەتوانی لەڕێی پیشەو شارەزایی و تونو سامان و بروانامەکەتەوە ژیانێکی شاهانە و داهاتێکی باش وەدەس بێنی.
بەڵام تۆو ئێمەو هەموو گۆڕانەکان هاتوین و لەخەمی خەڵکیداین و شەڕی مافەکانی خەڵکی ئەم هرێمە دەکەین لەپێناوی حوکمڕانیەکی ڕەشید و عەدالەتی کومەڵایەتی و بۆژاندنەوەی وڵات و چارسەری قەیرانە دروستکراوەکانی وڵاتداین
جگەلەوش بەردەوام لە خەم و هەمی دوارۆژی نەوەکانی داهاتوین کە هێشا نەهاتونەتە ئەم جەنگەڵستانەی ناوی حوکمڕانی کوردستانە ؟
کەچی سەیرەکە لەوەدایە هەندێ خەڵکی کەڕوکوێرو لاڵ لەبەرامبەر شاخێک نادروستی و فەشەلی حوکمڕانی ئەمهەرێمە ولەبری ئەوەی بێن و نوزەیەک نارەزایی بەرامبەر ئەم فەوزایە بەدەنگیکی لەرزوک ونوساو دەربڕن

نا بەپێچەوانەوە دێن و بە گۆڕان و هەڵسوڕاوکانی و دواتر بەو حیزب و کەسە جوان ولەخوبوردوانەدا دەرشێنەوە کە لەخەمی ئەم وڵاتەن نەمەلەفی خیانەت و نەمەلەفی دزی و نەمەلەفی کاولکردن و بەشکردنی داهاتی وڵاتیان هەیە لە مێژووی ٣٠ ساڵەی حوکمڕانی هەرێم و لەمێژووی ١٠٠ ساڵەی شۆرشی کوردی.



**ئاگاداری سەرجەم نووسەران ڕۆشنبیران و هەڵسواراوانی  بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین دەتوانن بابەت و نووسینەکانیان بۆ ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بەرەو ڕووناکی بنێرن بە مەبەستی ئەوەی بۆیان بڵاوبکەینەوە.**

**نووسەرە بەڕێزەکان دەتوانن نووسینەکانیان بنێرن بۆ ئەم ئیمەیلە:**

bargrinamasalam@gmail.com